# ئاڤێستا
## لەمێژینەترین سروودی کورد



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر
س. پ. ژمارە: ١
www.araspublisher.com

# ئاڤێستا

## لەمێژینەترین سروودی کورد

بەرگی یەکەم: -گاتا-کان

کۆکردنەوە و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە:

**جەلیل عەباسی - ج . قەقنەس**



ناوی کتێب:  ئاڤێستا - لەمێژینەترین سروودی کورد
کۆکردنەوە و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە: جەلیل عەباسی - ج. قەقنەس
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٨٨
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: هونەرمەند محەمەد زادە
پیت لێدان: ئەدهەم عەباسی
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: دلاوەر صادق
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٩٠)یساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

**پێشکەشە:**

١- بەرەوانی پاکی مۆبد رۆستەم شەهزادی کە تەمەنی خۆی بۆ ئەشا و لە رێگەی ئەشوویيدا بردە سەر.

٢- بەو مرۆڤانەی ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان لە ئاوێنەی کەرامەتدا بەڕاستگۆیی دەخوێننەوە.

٣- بەو کوردانەی بیری گەڕانەوەی سەر بنەمای ڕەسەن لە ناخیاندا چەکەرەی کردووە.

٤- بەو کەسانەی نایانەوێ لە قوڕاوی دۆگماتیزمدا بخنکێن.

# پێشەکی

## خشنە ئوترە ئەهوورا مەزدا

دەوروبەری ساڵی ١٩٨٥ بوو، وەکو جاران بەدوای هەندێ کتێبی نایابدا سەردانی تارانم کرد و ئەمجارەیان لەبەر ئەوەی مانەوەکەم زۆری خایاند سەردانێکی ئەنجومەنی زەردەشتیانم کرد و ڕۆیشتمە لای بەڕێز مۆبەد ڕۆستەم شەهزادی کە ئەو کات لە پۆستی مۆبەدان مۆبەد بوو و لە ژووری ڕاوێژی ئەنجومەنی زەردەشتیانی تاراندا دادەنیشت. پیرەمێردێکی ئێسک سووک لە ژوورێکی گەورەدا دانیشتبوو، وێنەیەکی ڕازاوە و هەرە جوانی زەردەشت لە پشت سەریەوە هەڵواسرابوو، چەندین کەس لەوێ دانیشتبوون و کۆڕی قسە و باس و پرسیار و وڵام گەرم بوو. کە چوومە ژوورەوە و درووودم بۆ دانیشتوان نارد هەر هەموویان بەمۆبەدیشەوە بەواق وڕماوی و جۆرە سەرسامی و سەرسووڕمانێکەوە چاویان تێ بڕیم. ئەوەی کە ئەوانی گێژ و سەرسام کردبوو جلوبەرگە کوردییەکەی من بوو، چۆخەوڕانکی هەورامی و کڵاشی نۆدشی و پشتوێنی هەجیجی، نموونەی کوردێکی ڕەسەن و ڕاستەقینە. هێندە حەپەسابوون لەبیریان چوو فەرمووی دانیشتنم لێ بکەن! بۆ ئەوەی لەو سەرسامییە دەریان بهێنم و بێدەنگییەکە بشکێنم گوتم: من جەلیل عەباسیم لە هەورامانەوە. گورج جەنابی مۆبەد هەستایەوە و ئەوانیش بەدوایدا، مۆبەدی پیر و لاواز بەرەو پیرم هات و یەکدیمان لە ئامێز گرت، کاتی ئەملاولا ماچ کردنەکە گوتی: تۆ هەر ئەو جەلیلەیت کە ساڵانێکە نامەمان بۆ دەنێریت و ئێمە لە ڕێگەی نامەکانتەوە دەتناسین و هۆگرتین؟!، لە لای خۆی داینام و ڕوخسەتی خواست کە قسەکانی تەواو بکات چونکە خەریکی وڵامدانەوەی پرسیاری یەکێک لە دانیشتوان بوو، کە قسەکانی تەواو بوون ڕووی تێ کردم و گوتی: دە ئێستا بەخێر بێیت سەر سەرمان، فەرموو قسە بکە. بەدەنگی بەرز بەجۆرێک هەر هەموویان ببیسن گوتم: جەنابی مۆبەد شەهزادی من نەهاتووم پرسیارێک بکەم و وڵامێک ببیسم، من بۆ مەبەستێکی دیکە هاتووم. بەسۆزێکەوە گوتی: جا بۆ هەرچی هاتبی سەرچاومان هاتی و ئێمەش لە خزمەتداین. گوتم: ئەوی ڕاستی بێت من لە هەورامانەوە هاتووم، لە دڵی وڵاتی کوردانەوە، هاتووم ئێوەی بەڕێز بکێشمە پای مێزی مەحکەمەوە! مۆبەد سەری داخست و نوقمی بیرکردنەوە بوو، ئەوانی دیکەش دوو هێندەی تر سەریان سووڕما و سەرسام بوون. گوتم: جەنابی مۆبەد، بەڕێزان، ئێوە لێرە، لەم پایتەختە ئەژدیها ئاسایە (تاران)دا بەئاسوودەیی دانیشتوون و مێژووتان فەرامۆش کردووە، هەر خەریکی گاڵتە و گەپی خۆتانن و هیچ بیرتان لای من نەماوە و ئاوڕێک لە ئاهوورامان نادەنەوە، ئایا دەزانن من کێم و ئاهوورامان کوێیە؟!، من کوردم، کوردی هەورامان، ڕۆڵەی پیرشالیار، و ئاهوورامانیش هەمان لانکەی پێگەیاندنی ئەشوو زەردەشتە کە ئەمڕۆ ئێوە لە بیرتان بردۆتەوە! ئایا ئێوە تا ئێستاش بیرتان لەوە کردۆتەوە کە بزانن هەورامان کوێیە و پیرشالیار کێیە؟، ئایا لەوە ئاگادارن کە بەپێچەوانەی ئێوەی پایتەخت نشینی چەواشەکراو، منی کورد هێشتاش هەر هۆرە و سیاچەمانە و قەتار دەچڕم و باپیرانی من هێشتاش هەموو بەیانییەک بەڵێنی خۆیان لەگەڵ ئەشوو زەردەشتدا نوێ دەکەنەوە



کە ئەندێشە و کردار و گفتاریان چاک بێت؟ ئایا ئێوە بۆ یەکجاریش لە خۆتان پرسیوە بۆچی منی کورد هێشتاش هەموو ساڵێک جەژنی یادی زەردەشت و پیرشالیار دەگرم و شادی دەکەم و زەماوەند دەگێڕم؟! من قسەم دەکرد و پەنجەی تاوانی پشت لێ کردن و ئەمەگ نەناسیم بۆ ئەوان درێژ دەکرد و ئەوانیش بەواق وڕماوی و سەرسامییەوە چاویان تێ بڕیبووم و فزەیان نەدەکرد. قسەکانم بەشیعرێکی شاعیری شەهیدی گواتمالیایی (ئەتۆرنە کاستیلو)ی شەهید کۆتایی پێ هێنا کە پێشتر وەرم گێڕابوو بۆ هەورامی و پاشان گوتم: دەفەرموون وڵامم بدەنەوە و ئەوەش بزانن کە هەر هەمووتان بۆ ئەم وڵامدانەوەیە لە بەرامبەری خودی ئەشوو زەردەشتدا ڕاوەستاون...!

هەر هەموویان و لە پێشیانەوە مۆبەد شەهزادی هەستانە سەرپێ و یاسای ڕەسمیی ڕێز لێنانیان بۆ بەجێ هێنام، دانیان بەتاوانەکانیاندا نا و هەموویان لێ وەرگرتم و داوای لێبوردنیان لە من وەک نموونە و نوێنەری هەموو کورد کرد و من کەوتمە پێشیان و ئەوانیش بەشوێنمدا و پێکەوە هۆرەیەکمان چڕی. لەوەو دوا هەموو ئیمکانیاتی ئەنجومەنی زەردەشتیان و ئەنجومەنی مۆبەدان و ناوەندی بڵاوکردنەوەی فرەوەهرە و کتێبخانەی یەگانەگی و ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی فرەوەهرە و ئێرانی باستان و لاوانی زەردەشتی و...(*) خرایە بەر دەستم بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکانم و دەرفەتیان بۆ ڕەخساندم کە لە سەرجەم تێکست و ڕۆژژمێر و گۆڤارەکانی چیستا و فرەوەهرە و ڤەهوومەن و... کەڵک وەربگرم و ئاشکرایە کە زۆرترین و باشترین سوودم لەو خەرمانە بەپیتە وەرگرت و لەگەڵ زانیاری و ئەزموونەکانی خۆمدا کردمنە یەک و بناغەی کۆکردنەوە و وەرگێڕان و شەرح و شیکردنەوەی (ئاڤێستا)م وەکو پڕۆژەیەکی گەورە و درێژخایەن و هەرە بنەڕەتی بۆ جیهانی بەرینی فەرهەنگ و ئەدەب و مێژووی کوردی داڕشت.

خوێنەری هێژا، ئەگەر ئێمەی کورد سەرنجێکی ئێستای خۆمان بدەین بۆمان دەردەکەوێت کە ئێمەش خۆمان لە بیر کردووە و لەگەڵ کلتووری خۆماندا نامۆ بووینەتەوە. ڕاستە کە من ئەنجومەنی زەردەشتییەکانم تاوانبار کرد و ئەوانیش دانیان بەتاوانەکەیاندا نا و لە بەرانبەری ئەو ڕاستییەدا کە پێم ڕاگەیاندن چۆکیان دادا و کڕنۆشیان برد بۆ ئەو ڕەسەنایەتییە هەنووکەیییەی کورد، بەڵام لە ڕاستیدا دەبێ دانی پێدا بنێم کە من بەفێڵ و دەسپێشخەرییەکی فریوکارانە ویستم کەموکوڕییەکانی خۆم (وەکو کورد) بشارمەوە و بیخەمە پاڵ دیتران! وەکو پێشینان دەڵێن منی کورد لەو کات و شوێنە پیرۆزەدا «گایەکم لە چاوی خۆمدا نەدەبینی بەڵام پووشێکم لە چاوی ئەواندا دەدیت و گەورەشم دەکردەوە»! کەوابوو با بپرسم: ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە ئێمەش ئاوڕێک لە ڕابردووی خۆمان بدەینەوە و خۆمان بخەینە بەر تیشکی ڕەخنە و لافاوی پرسیار و خودی ڕاستەقینەی خۆمان بەبیری ورد و چاوی کراوەوە بخوێنینەوە؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە توندترین ڕەخنە لە خۆمان بگرین کە بۆچی ڕابردووی خۆمان فەرامۆش کرد و هزر و ئەندێشەمان دەستەمۆی بێگانە بوو و لە خودی خۆمان بێگانە کەوتینەوە؟ ئەی ئایا سەردەمی ئەوە نییە کە بیر بکەینەوە و بزانین ئێمە پێشتر چیمان هەبووە و ئێستە چیمان هەیە؟ پێشتر چیمان لە دەست داوە یا لێمان زەوت کراوە و لە بەرامبەریدا چیمان وەرگرتووە؟!

*- بۆ ئاشنابوونی زیاتری خوێنەری بەڕێز و هەموو ئەوانەی دەیانەوێ ڕوو لە بنەڕەت و ئەسڵی خۆیان بکەنەوە ناوونیشانی ئەو چەند شوێنەی کە ناوم بردن و هەندێ شوێنی دیکەی زەردەشتی لە کۆتایی کتێبەکەدا دێنمەوە.

ئەمڕۆ (٢٠٠٢)ی زایینی، مێژووی سیاسیی کورد (٢٧٠٢) و مێژووی زەردەشت واتە مێژووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کورد (٣٧٧٠)یە! واتە ئێمەی کورد مێژینەیەکمان هەیە کۆنتر لە هی گەلان کە پڕە لە سەروەری و خاڵی درەوشاوە و شانازی و سەرفرازی، واتە ئێمەی کورد ٢٧٠٢ ساڵ لەمەو پێش سیستەم و دەسەڵاتی سیاسیمان هەبووە و ٣٧٧٠ ساڵ لەمەو پێشیش کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی خاوەن شارستانییەت و ڕۆشنبیری بووینە و خاوەنی تێکستی خەت و زمانی ٣٧٧٠ ساڵ لەمەو پێشین، واتە ١٧٦٨ ساڵ پێش مەسیحییەت و ٢٣٤٨ ساڵ پێش عەرەب ئێمە خاوەنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و شارستانییەتێکی ڕاستەقینە و ڕۆشنبیرییەکی بەر فرەوانی ئینسانی بووینە، ئێمەی کورد پێش هەموو گەلانی تر بناغەی سیستەمی ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتیمان دامەزراندووە، ئەی بۆچی ئەمڕۆ ئەوان پێشکەوتوون و ئێمە هێشتاش هەر هەنگاوی بەرەو پاش داوێین؟!

لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن لەبەرچی و بەچ بەڵگەیەک دەڵێم مێژووی زەردەشت مێژووی کوردە و زەردەشت لە ئێمەیە، بۆیە زۆر بەکورتی ئاماژەیەکی پێ دەکەم و دەڵێم:

یەکەم، هەر هەموو بۆچوونەکان لە سەر ئەوە کۆکن کە زەردەشت لە ڕۆژئاوای ئێرانی ئەو سەردەمەوە سەری هەڵدا، هەندێک لایان وایە لە ناوچەی چیچەست (ورمێ) و هەندێک دەڵێن لە کێوستانێک بەناوی فارسیی (گوساله) و هەندێکیش دەڵێن لە (ئێرانویچ) و دەشڵێن کە ئەم شوێنە هێشتاش نەناسراوە!!من دەڵێم کێوی گوساله حاڵەتی تەفریس کراوی هەمان (کۆسالان)ە لە هەوراماندا و (ئێرانویچ)یش هەمان (ئورامۆن)ە و (ورمێ)ش حاڵەتی بەهەڵە نووسراوی (ئورامیە)یە و زەردەشت لە خودی هەوراماندا هاتۆتە جیهان و سەری هەڵداوە، (ئەوەمان لە یاد نەچێت کە وشەی ئورامەن واتای لەحنێکی مۆسیقایە لە پالەویدا و ئورومۆن واتە شوێنی پیرۆز.

سەیدی هەورامی دەڵێ:

ئەز ئورومۆن مەکانم بێ وەڵاتم
سەرو پیری خوای گێرەن خەڵاتم

و ئوورامان یانخود هۆرامان واتە ئاهوورامان، واتە شوێن و مەڵبەندی ئاهوورا. خۆ چ هەورامان و چ ورمێ و بەگشتیش چ ڕۆژئاوای ئێران بێت دەکاتە هەمان کوردستانی ئەمڕۆ و ئەم ڕاستییە بۆ کەس ناشاردرێتەوە، کەواتە زەردەشت کورد بووە و لە کوردستاندا سەری هەڵداوە.

دووەم، لە زۆر شوێنی کوردستاندا هێشتاش ئاسەواری سەردەمی سەروەریی ئایینی زەردەشت ماوەتەوە کە بەنموونە دەتوانم ئاماژە بکەمە سەر ئاتەشگەی گەورەی پاوە و ئاتەشگەی پشتی تەوێڵە و ئاتەشگە و چلەخانەی هەورامانی تەخت و ئەشکەوتی کۆسالان و گوندی وەیسەی لای مەریوان و قەڵای گاورا لە کەیمنە و کێوی پیرۆسەم (پیر ڕۆستەم)ی هەورامان و...، لە هەموو ئەمانەش زیندووتر چلەخانە و گۆڕستان و ڕەسم و یاسای سەردەمی پیرشالیار لە هەورامانی تەختدا. زۆربەی زۆری ناوی کێو و گوند و مێرگ و ئەشکەوت و شوێنەوارە کۆنەکانی هەموو کوردستان و بەتایبەتیش هەموو هەورامان جێ پەنجەی ئایینی زەردەشت و زمانی ئاڤێستایان پێوە دیارە، وەکو: (لهۆن، کەیمنە، دزاوەر، بادینان، ئاکرێ، زەرزا،



زازا، پیرەوەت، زەردوویی، بایەنگان، وەزەرا، پیران، زەڕینە، بێرواس و...) ئەمە سەرەڕای باری مۆسیقایی کورد کە هۆرە و سیاچەمانە و قەتار بەبێ یەک و دوو تایبەتن بۆ چڕینی گاتاکان و ڕاز و نیاز لەگەڵ ئەهوورادا، سەرەڕای ئەوەش بەسەدان وشە و ڕستە و دەستەواژە لە گاتاکاندا هەن کە ئەمڕۆ هەر بەو شێوەیە لە زمانی کوردی و بەتایبەت لە هەورامان و بادینان و لوڕستاندا ماونەتەوە و بەکار دەبرێن.

سێیەم، گەر بەوردی سەرنجی جلوبەرگی کوردی بدەین دەبینین پشتوێن و کەشیەی ئەمڕۆی ئێمە هەر هەمان (سەدرە و کوشتی)ی سەردەمی زەردەشتە کە بۆمان ماوەتەوە و لەویش بەرجەستەتر ئەوەیە کە ئەمڕۆ بەتایبەتی لە بارزان و لە هەورامانیشدا پیاوی کورد پشتوێنی سێ گرێ دەبەستێت کە ئەویش دەربڕ و پیشاندەری نوێکردنەوەی ڕۆژانەی پەیمانی ئەخلاقیی باپیرانمانە لەگەڵ ئەشوو زەردەشتدا، باپیرانمان هەموو بەیانییەک کە خۆیان کۆ دەکەنەوە سێ گرێ لە پشتوێنەکەیان دەدەن بەمەبەستی دووپاتکردنەوە و داکۆکیکردنە سەر ئەندێشە و گفتار و کرداری چاک، گرێی یەکەم ئەندێشەی چاک، دووەم زمان و گفتەی چاک و سێیەمیش کرداری چاک! خۆ لەسەر نەورۆز و دەسپێکردنی ساڵی تازە نارۆم کە زیندووترین و ئاشکراترین ڕەمز و سیمبولی ئایینی پیرۆزی زەردەشتە کە هێشتاش بەبەرجەستەیی و هەر بەهەمان زیندوویێتیی جاران لە ناوماندا ماوەتەوە و هێشتاش هەر وەکو پێغەمبەرەکەمان ڕێزی لێ دەگرین و واتا و فەلسەفەی بۆ قایلین و یادی دەکەینەوە. باپیرانی ئێمە لێک دەپرسن: «ئەرێ قرۆنێ کۆنا یا ماریفەتو پیرێ؟» و زاناکانیش وڵام دەدەنەوە کە: «کورە ماریفەت کۆنتەرا، خۆ قرۆنێ هیزیکە گوشایشە کۆری ئارد»! یانخود ئەو شینگێڕییەی کە بۆ دوای هێرشی عەرەب لەسەر هەورامان و دابی زەردەشتی دەگێڕدرێت کە ئەوە دەسەلمێنێ ئایینی زەردەشت لە هەوراماندا بووە و هێرشی کراوەتە سەر و زەردەشتییەکان کەوتوونەتە بەر شەپۆڵی کوێری کوشت و بڕ و تاڵان و بڕۆی عەرەبان و ئەمەش ئاهوورا تووڕە دەکات:

هورمزگان ڕمان ئاتران کوژان
وێشان شاردەوە گەورە گاوران
زۆرکار ئارەب کردنا خاپوور
گنا ئی پاڵە هەتا شارەزوور
شەن و کەنیکا وە دیل بشینا
مەرد ئازا تلیا وە ڕووی هوینا
ڕەوشت زەردەشت مانۆ وە بێکەس
بزیکا نیکا هورمز وە هیچ کەس

ئایا هەموو ئەمانە بەڵگە و فاکتەری زیندووی کوردبوونی زەردەشت و کوردی بوونی ئایینە پیرۆزەکەی نین؟!

ئەوەی کە جێی داخ و کەسەرە ئەوەیە کە دەبینین ئێمەی کورد بەو هەموو سامانە دێرینەیەمانەوە لە ساڵی (٨٠)ی کۆچی مانگی بەدواوە، بەرەبەرە هەموو شتێکمان لێ دزرا و مێژووی پرشنگدارمان لێ

تێکدرا و هیچمان بۆ نەمایەوە.

دکتۆر عەبدولحسێن زەڕین کووب لە کتێبی «دوو سەدە بێدەنگی»دا باس لە سەرەتاکانی هێرشی عەرەب دەکات بۆ سەر ئێران و دوو سەدەی سەرەتای دەسەڵاتداریەتی عەرەب و بێدەنگ و کپ کردنەوەی ئێرانییەکان شی دەکاتەوە و دەڵێ گەلانی ئێران بەو هەموو شارستانییەتە کۆن و دێرینەیانەوە لەو دوو سەدەیەدا نوقمی بێدەنگی کران و هەموو شتێک و تەنانەت کتێب و زمانیشیان لێ زەوت کرا. بەڵام دکتۆر ئەوەش دەڵێ کە لە سەدەی سێیەمەوە ئێرانییەکان بیریان کردەوە و بەخۆیاندا هاتنەوە و دەستیان بەچالاکی کرد بۆ بووژاندنەوەی سامانی دێرینیان و...!

ئەی ئێمەی کورد چی؟ ئایا ئێمەش بەخۆماندا هاتینەوە و ئەو بێدەنگییە داسەپاوەیەمان تێکشکاند و هاواری خۆمان بەرەو ڕووی داگیرکاران دەربڕی؟! بەداخەوە دەبێ بڵێین نا. ئێمە تەنیا و تەنیا لە سەرەتاکانی هێرشی عەرەبدا بەرگری و بەربەرەکانێمان کرد و خۆمان بەدەستەوە نەدا کە ئەویش بووە هۆی ڕژانی خوێنی ڕۆڵەکانمان و کاتێکیش کە داگیر کراین و هەموو شتێکمان لێ زەوت کرا و بووینە دیلێکی زنجیر لەدەست و کۆت لە ملی بێگانە و تەنانەت هەست و نەست و هەناسەی خۆشمان لە دەست دا، هەرچی ئەوان گوتیان بەچاوی بەستراو کردمان و هەر جۆر ویستیان ئاوا بووین، جارێ بۆ جارێ بەڕوویاندا نەتەقینەوە و کلتوور و کەلەپووری دێرین و ڕەسەنی خۆمان بەڕوودا نەدانەوە و لە بەرامبەریاندا نەوەستاین و پێمان نەگوتن: «هۆی... دەشتەکییە بێ پێڵاوە مزووک خۆرەکان، ئێمە دەوڵەتین»!

بەڵێ کپ بوونەوە و بێدەنگییەکەی ئێمەی کورد نەک دوو سەدە بەڵکو ١٤سەدەی خایاند! بەڵام بەخۆشحاڵییەوە جیلی ئەمڕۆی کورد ڕاچەنیوە و خەریکە بەخۆیدا دێتەوە و چاو دەگێڕێ بەدوای خودی ونبوویدا و دەشزانێ سەردەم نە سەردەمی شیری دوودەم و گورزی حەوت سەر و نە هیی ئەفسانە و ئەفسوونە بەڵکو سەردەمی سەرهەڵدانەوە و ژیاندنەوە و دیالۆگ و پێکەوە ژیانی هەموو کلتوور و شارستانییەتەکانە، بۆیە دەبێ هەل و دەرفەتەکە بقۆزینەوە و هەوڵ بدەین بەجیلەکانی ئایندەمان بڵێین کە ئێمە کێ بووین و کێین، چیمان هەبووە و هەمانە، لەکوێوە هاتووین و بەرەو کوێ دەڕۆین و بەکوێ دەگەین، بۆچی ئێمەی نەتەوە تووشی قەیرانی کەسییەتی هاتووین و لەچیدا بزربووین و دەبێ بەدوای چیدا بگەڕێین و چۆن و لە کوێ بیدۆزینەوە؟

پێویستە ئەم پرسیارە هەرە گرینگ و زیندووکەرەوانە لەناو بیر و هەست و نەستی جیلی ئەمڕۆدا بوروژێنین و بیخەینە سەر ڕێ بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکانیان چونکە دۆزینەوەی وەڵامی ڕاستی ئەو پرسیارانە هەمان دۆزینەوە و ناسینەوەی کەسییەتیی دزراوی ئێمەی کوردە، ئەم هەوڵەی منیش هەر لەو ڕێبازەدایە و دەکرێ بڵێم هەنگاوی یەکەمە بەرەو ڕێگای دۆزینەوەی (خود)و ناسینەوەی ڕابردوو و دامەزراندنەوەی بناغەی ئەندێشەی چاک و هەستی خاوێنی کوردی بەمەبەستی زووتر گەیشتنمان بۆ لووتکەی سەربەستی و سەربڵندی.



## من چیم کردووە؟!

لەم پێشەکییەدا باسی دامەزراندنی ئەم پرۆژەیەم کرد، لێرەشدا بەپێویستی دەزانم کە بڵێم دەمتوانی دەقێکی ئاڤێستا بگرمە دەستمەوە و زۆر بەئاسانی وەری بگێڕمە سەر زمانی کوردی و بەئاسانیش چاپ و بڵاوی بکەمەوە بەڵام ئەوەم بەباش نەزانی و بەتایبەتیش دەمویست خوێنەری کورد بەتەواوەتی ئاڤێستا بناسێت و هیچ نەبێ نزیکی وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە بکەوێتەوە بۆیە ڕێگاکەی خۆم دوورتر خستەوە و هەوڵ و زەحمەتەکەم دوو چەندان کرد و هاتمە سەر ئەو ڕایەی کە تەنیا وەرگێڕانێکی سادە و ساکار و سەرەتایی نەبێت بەڵکو کۆکردنەوە و وەرگێڕان و شەرح و لێکدانەوەیەکی تەواوی دەقە ئاڤێستاییەکان بێت هەر بۆیەش نیمچە کتێبخانەیەکم لەبەر دەستی خۆمدا دانا و لەناو هەموویاندا گەڕام بەدوای ڕاستەقینەترین دەقدا بەجۆرێک کە بۆ لێکدانەوەی وشەیەک یانخود دەستەواژە یا تەعبیرێک جاری وا هەبووە کە ١٠،١٢ کتێبم خوێندوونەتەوە تا گەیشتوومەتە مەبەستی تەواو. ئەو بەرهەمانەش کە بۆ ئەم کارە سوودم لێ وەرگرتوون بریتین لە:


١- اوستا، کهنترین سرودهای ایرانیان، ج١و٢، گزارش و پژوهش: د.جلیل دوستخواه چاپ چهارم ١٣٧٧ تهران انتشارات مروارید.

٢- گاتها، سرودهای زرتشت ج١و٢، ترجمه و تفسیر:موبد فیروز آذر گشسب ١٣٥٩ تهران انتشارات فروهر.

٣- اوستا، نامه مینوی آیین زرتشت (از گزارش استاد پورداود)، د.جلیل دوستخواه، چاپ پنجم ١٣٦٤ تهران انتشارات مروارید.

٤- دانشنامه مزدیسنا، د.جهانگیر اوشیدری، چاپ اول ١٣٧١ تهران نشر مرکز.

٥- فرهنگ واژەهای اوستا، ج ١تا٤، فریدون جنیدی و احسان بهرامی، ١٣٦٩ تهران نشر بلخ.

٦- بررسی یسنا، بخشهای ١و٢و٣، مراد اورنگ، ١٣٤٠ تهران.

٧- اوستا، سرودهای زرتشت، هاشم رضی ١٣٧٤ تهران انتشارات فروهر.

٨- زندگی و مهاجرت آریاییان، فریدون جنیدی.

٩- مجموع دفترهای نامه فرهنگ ایران، فریدون جنیدی.

١٠- حقوق بشر در جهان و حقوق جهان در ایران باستان، فریدون جنیدی.

١١- دو قرن سکوت، د. عبدالحسین زرین کوب، ١٣٧٨ تهران.

١٢- ایران از آغاز تا امروز، گیرشمن، ترجمه محمد معین، چاپ دوازدهم ١٣٧٩ تهران.

١٣- سیری در آموزش گاتها، موبد رستم شهزادی، ١٣٧٤ تهران.

١٤- زرتشتیان یکتا پرست هستند، موبد رستم شهزادی، ١٣٦٤ تهران.

١٥- دین و دانش، موبد رستم شهزادی، ١٣٥٧ تهران.

١٦- آیین میترا، مارتن ورمازرن، ترجمه بزرگ نادر زاد، ١٣٥٧ تهران.

١٧- اكنون ميان دو هيچ، فردريش نيچه، ترجمه على عبدالهى، چاپ چهارم ١٣٧٧ تهران.
١٨- مجموع ماهنامەهاى: چيستا، فروهر، وهومن و روزشمارهاى انجمن زرتشتيان.
١٩- چنين گفت زرتشت، فردريش نيچه، ترجمه داريش آشورى چاپ دهم ١٣٧٦ تهران.
٢٠- زرتشت نيچه، پيرابر و سوفرن، ترجمه بهروز صفدرى، ١٣٧٦ تهران.
٢١- فلسفه زرتشت، د.فرهنگ مهر، ١٣٧٨ تهران.
٢٢- نگرشى بر اسلام و زرتشت، موريس شيخى، ١٣٧٦ تهران.
٢٣- اسطوره زندگى زرتشت، ژاله آموزگار و احمد تفضلى ١٣٧٥ تهران.
٢٤- نبرد انديشەها در ايران پس از اسلام، فريدون جنيدى ١٣٥٩ تهران.
٢٥- گاهشمارى باستانى مردمان مازندران و گيلان، نصرالله هومند، ١٣٧٤ تهران.
٢٦- زمانى ئاڤێستا، سۆكۆلۆڤ، و. محەمەدئەمين هەورامانى ١٩٨٨ بەغدا.
٢٧- زارى زمانى كوردى لە تەرازووى بەراورد دا، محەمەدئەمين هەورامانى، ١٩٨١ بەغدا.
٢٨- فەرهەنگى ئيريەن ڤاچ، محەمەدئەمين هەورامانى، ١٩٨٦ بەغدا.
٢٩- زرتشت و تعاليم او، هاشم رضى
٣٠- راهنماى دين زرتشتى، هاشم رضى
٣١- يشتها، ج١و٢، ابراهيم پورداود
٣٢- گاتها، ابراهيم پورداود
٣٣- پيام زرتشت، د.على اكبر جعفرى
٣٤- آيين زرتشت و تاثيرآن در شرق و غرب، مهرداد مهرين
٣٥- آيين راستى، مهرداد مهرين
٣٦- ويژگيهاى آيين زرتشت، مهرداد مهرين
٣٧- پژوهشى در آرمان پارسايى در ايران، د. حسين وحيدى.
٣٨- زانيارى و راوێژ و لێكۆڵينەوە مەيدانييەكانى خۆم لەسەر هەورامان و زەردەشت و...، دەبێ وەكو ئەمانەتدارييەك بڵێم كە زۆرترين سوودم لە بەرهەمەكانى خاڵى (١و٢) وەرگرتووە و بناغەى كارەكەم لە سەر ئەو دوو بەرهەمە بەپێزە دارشتووە.

خوێنەرى هێژا، ئەم بەرهەمەى لەبەر دەستايە بەرگى يەكەمى پرۆژەيەكى شەش بەرگييە لەسەر ئاڤێستا و هيوادارم هەنگاوى يەكەمم سەركەوتووانە هاويشتبێت و هەوڵ و هەنگاوەكانى دواتريشم بگەنە ئەنجامێكى دڵخواز بۆ سوودى تۆى بەرێز و دەوڵەمەندتر كردنى كتێبخانەى كوردى بەم سامانە دێرين و رەسەن و دەوڵەمەندە، سوپاس و پێزانينى خۆيشم لە ناخى دڵمەوە ئاراستەى هەموو ئەو دۆست و هاورێ و هاوكارە خۆشەويستانەم دەكەم كە هەر يەكە بەجۆرێك وڵامى داخوازييەكانيان دامەوە و هانيان دام و هاوكارييان كردم.



ئێستاش بۆ ئاشنابوونى سەرەتايى خوێنەرى بەرێز بەهەندێ خاڵى سەرەكيى ئايينى پيرۆزى زەردەشت ئەويش بەشێوەيەكى خێرا و كورت و چر و پر، دەلاقەيەك لە رووى چەند خاڵێكى گشتيى ئەم ئايينە پيرۆزە دەكەينەوە و دواييش پێكەوە دەروازەى ئەم كتێبە مەزن و مێژينەيەمان لە زمانى مامۆستا (جەليل دوستخواە)ەوە دەخەينە سەر گازەرەى پشت.

بژى ئەشا و سڵاو بۆ ئەشوويى و درووود بۆ فرەوەهرەى پاك و پيرۆز

جەليل عەباسى
هەولێر - بەهارى ٢٠٠٢ى زايينى
٢٧٠٢ى كوردى و ٣٧٧٠ى زەردەشتى